کانتۆنی شەنگال هەنگاوی یەکەمە بەرەو "ڕۆژاوا" *

هەژێن

٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٤

وێرای ٢٣ ساڵ گەندەڵی و دابەشکردنی کۆمەڵ و شار و گوند و گەڕەك و کۆڵان و خێزانی کوردی بەسەر دەسەڵات و ڕێکخستنی پارتیی و وابەستەیی بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و کردنی هەرێمی کوردستان بە بەشێك لە بازار-ئازادی سەرمایەداری و جەنگی گەرمی نێوخۆیی و درێژەپێدانی بە ساردی تا هەنووکەش، لە سایەی بەڕێوەبەرایەتی پارتیی و فەرمانداریی سەروخەڵکی و هەڵاواردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردستان بە گوێرەی زێدی بنەماڵە و سەرکردایەتی پارتییەکان، کۆمەڵی کوردستان بەسەر چەند هەرێمی نایەکسان لە ماف و بەهرەمەندیی لە داهاتدا دابەشکراوە؛ بۆ نموونە هۆرامان و گەرمیان و ناوچە شەبەك و ئێزیدی و کاکەی-نشینەکان لە هەموو شتێك بێبەشکراون و ناوچەکانی دیکە کراونەتە چەقی هەموو بڕیاردان و بەهرەمەندییەك، هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە، کە ناوچەکانی دیکە هەمووان سەد لە سەد وەك یەك لە داهات و خزمەتگوزاریی بەهرەمەندن، نەخێر لەنێوان ئەوانیشدا بەرادەیەك هەڵاواردن هەیە، بەڵام هەڵاواردن و بێبەشییەکە بەو ڕادە نییە، کە بەرانبەر ناوچەی هۆرامان و گەرمیان و ناوچەی شەبەك و ئێزیدی و کاکەییەکان کراوە.

لە بەرانبەر ئەو مۆدێلە لە دێمۆکراسی [پارلەمانی] و شێوازی ڕێکخستن و بەرهەمهێنان و دابەشکردن، دەتوانین بە سەد و هەشتا پلە جیاوازیی لە هەموو بوارێکدا سەرنجی هەرێمی کانتۆنەکانی جزیرە و کۆبانێ و عەفرین [خۆراوا] بدەین، کە لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵدا توانیویەتی بەڕێوەبەرایەتیی گەلیی لەسەر بنەمای ڕێکخستنی هەرەوەزیی ئابووریی و کایی کۆمونەیی ** و یەکسانی هەمەلانەی ئێتنییەکان و ئایینەکان و زمانەکان لە سایەی [دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ***]دا کۆمەڵی "خۆراوا" بەو هەمووە ئێتنیی و ئایین و زمانە جیاوازنەوە لە یەکێتییەکی ئازادانەی گەلییدا [کۆنفیدرالیزمی دێمۆکراتیك****] کۆبکاتەوە و ببێتە نموونەیەکی ئایدیال بۆ دەوروبەر و تەنانەت ئازادیخوازانی وڵاتانی ئەورویی و ...تد.

لەم دووڕ ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵی هەرێمی کوردستان وەك کۆمەڵێکی فرە ئێتنیی و فرە ئایین و فرە زمان لەو نالەباریی و نەهامەتییە بەردەوامەی بەڕێوەبەرایەتی پارتیی و پارلەمانی ڕزگاربکەین و بەر بە دووبەرەکی و کینەدۆزیی و کۆمەڵایەتیبوونەی گەندەڵیی و جەنگی ڕامیاریی و بازار-ئازادی سەرمایەداری بگرین، ئەوا پێویستە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆبەڕێوەبەرایەتی دێمۆکراتیکی کانتۆنەکانی "خۆراوا"وە دەستپێبکەین. لێرەدا بەدیاریکراوی مەبەستم لە هەنگاوە سەرەتاییەکان: گۆڕانی کۆمەڵایەتییە لە ڕیزەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و گرتنەبەری خەباتی نافەرمانی سڤیلی [مەدەنی]یە، کە پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و گروپە خۆجێییەکان [لۆکاڵییەکان *****] و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پایەکانی ڕاگرتن و بەردەوامیی پێکدەهێنن، ئەوانەی کە بوونە بنەمای ڕێکخستنی کۆمەڵێکی ئازاد لە "خۆراوا".

ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین کە لە گەرمەی سەرهەڵدانی جەنگی میلیشیایی و کاولکاریی بەشەکانی دیکەی (سوریە)دا، لەو سێ هەرێمەی کە لەم ڕۆژگارەدا بوونەتە سیمبوڵی ئازادیخوازیی و یەکسانیخوازیی، بەپێچەوانەی نەخشە و ئامانجی گروپ و لایەنە سەربازییەکانەوە، لە "خۆراوا" بەبێ جەنگ و دوور لە کینەدۆزیی ئایینی و ناسیونالیستی توانرا دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆر ناچار بەکشانەوە و ڕادەستکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئەو ناوچانە بەخودی دانیشتووانی شار و گوندەکانی ئەو سێ هەرێمە بکرێ و ئەوانیش بە پشتبەستن بە ویست و خواستی جەماوەریی و گەلیی خۆیان توانییان ئازادییەك، کە خەونیان پێوەدەبینی بۆ خۆیان دەسەبەربکەن و لەجیاتی جەنگی ناسیونالیستی لەسەر دەسەڵات و نەوت و کێبڕکێ لەسەر قۆرخکردنی بازار، یەکێتییەکی مێژوویی وەك پێشمەرجی کۆمەڵی ڕزگار و پشتبەخۆبەستوو بکەنە دروشم و ئامانجی سەرەکی.

ئا لێرەوە ئێمە دەتوانین سوود لەو ئەزموونە زیندوو و نزیکە وەربگرین و پێش لەوەی کە لە ناوچە بێبەشکراوەکاندا یاخیبوونی چەکدارانە و کینەدۆزیی و لەیەکدابڕان دروستببێت و ببێتە مایەی کایەکردنی داگیرکەران و دەوڵەتانی ناوچەکە و جەنگی خوێناویی نەبڕاوە، بکەوینە خۆمان

و هەوڵی پێکهێنانی کانتۆنە سەربەخۆکانی ئەو ناوچانە بدەین و لە یەکگرتنەوەی ئازادانەی ئەو کانتۆنانەدا سیستەمێك بۆ ئازادی و یەکسانی کۆمەڵ و پێکهاتەکانی لەسەر بنەمای کۆنفێدرالیزمی دێمۆکراتیك رۆنبێین و هەنگاو بە هەنگاو، خشت بە خشت سیستەمی گەندەڵ و ناسەربەخۆی پارلەمانی بگۆڕین بە سیستەمێکی گەلیی پشتبەخۆبەستوو لەسەر بنەمای دێمۆکراتیی ڕاستەوخۆ [دێمۆکراسیی گەلی]. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم، کە وەها سیستەمێك تەنیا لە ڕێکخستنی سەرخانیکۆمەڵدا کورتنابێتەوە و پێویستی بە سیستەمێکی ئابووریی ئیکۆلۆجیك لەسەر بنەمای ئیکۆلۆجیکی کۆمەڵایەتیی ******: هەرەوەزیی و گەلکاریی و ژینگەپارێزیی هەمووان هەیە، پێویستی بە گەشەی ڕۆشنبیتیی و پاکژکردن و پەرەپێدانی کولتووریی هەیە، پێویستی بە پەروەردەی تاکی ئازادیخواز و پشتبەخۆبەستوو هەیە، پێویستی بە سڕینەوەی بنەما کولتووریی و ئابوورییەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزیی [جێندەریی] و نەژادیی و ئایینی و ... هەیە، پێویستی بە فەرمیناسینی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایك هەیە، پێویستی بە هێزی پارێزگاریی گەلیی و خۆجێی هەیە، ئینجا بە نۆرەی خۆی پێویستی بە ڕێکخستنی ئاسۆیی بەڕێوەبەرایەتیی گەلیی و ڕۆنانی ئابووریی سەربەخۆ هەیە.

ئەگەر لەم ساتدا سەرنجی کۆمەڵی هەرێمی کوردستان و گرفتەکانی و ڕووداوەکانی ئەم دواییانە و پاشکارابیەکانیان بدەین، ئەوا دەبینین پێش هەموو شت و بەر لە هەمووان پێویستە لە ناوچەی شەبەك و ئێزیدی و کاکەییەکانەوە دەستپێبکەین و خۆبەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی خۆیان لە کانتۆنە ئازادانەکاندا پێکبهێنن و وەك پێشتر گوتم وەها کارێك پێویستە ئاشتیانە و لەسەر بنەمای ڕاپرسیی گشتی دانیشتووان و دوور لە دەستتێوەردانی پارتییەکان و و ڕۆڵی دەوڵەتانی ناوچەکە و کۆمپانییەکان و نێوەندە ئایینی و ئاراستە ناسیونالیستەکان، ئەگەر وەها بڕیارێك لەتەك هەڵویستی نارازییانەی دەسەڵاتدارانی هەرێم یا عیراق بووەوە، ئەوا پێویستە خەباتی نافەرمانی سڤیلیی بکرێتە بەردەبازێك بۆ پەڕینەوە بەرەو بڕیاردانی گشتیی دانیشتووان.

سەرەنجام سەرکەوتنی وەها هەنگاوێك دەتوانێت هاندەر و ڕێگەچارەش بێت بۆ کێشەی ناوچە هەڵاوێردراوەکانی دیکەی وەك گەرمیان و هۆرامان و لەوێشەوە کارایی دانان لەسەر ناوچە چەقییەکان و گۆڕینی یەکجارەکی سیستەمی گەندەڵ و سەروخەڵکیی پارلەمانی و ڕێکخستنەوە و یەکگرتنبەوەی هەموو ناوچە و پێکهاتەکان لە کۆنفێدرالیزمی دێمۆکراتیکدا. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بزانین گەیشتن بە وەها ئامانجێك کاری یەك دوو ڕۆژ نییە و خۆشخەیاڵیی ئایدیۆلۆجی و دەستپێشخەریی گروپێکی ڕامیاریی نابێتە مسۆگەرکەری، بەڵکو پێویستی بە چالاکی و بەشداریکردنی هەموو تاك لە گۆڕانخوازەکانی کۆمەڵ هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و بەچالاکبوون لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا: ڕۆشنگەریی، هونەریی و کۆمەڵایەتیی و جەماوەریی و ئابووریی و ژینگەپارێزیی و ئاژەڵدۆستیی ...

*****************

بۆ زانیاریی فرەتر لە بارەی ئەو بنەمایانە بە زمانەکانی دیکە، لەسەر ئەم لینکانە کرتە بکە

* مەبەست لە "ڕۆژاوا" پەیوەستبوونی کانتۆنی شەنگال نییە بە خۆبەڕێوەبەرایەتی سێ کانتۆنەکەی "خۆراوا"، مەبەست لە گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان [دێمۆکراسی پارلەمانی]یەە بە خۆبەڕێوەبەرابەتیی گەلی [دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ].

** هەرەوەزیی ئازادیخوازانە

http://en.wikipedia.org/wiki/Libertarian_municipalism

*** دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ

http://shawnewald.info/aia/dec_directdemocracy.html

**** کۆنفیدرالیزم

http://theanarchistlibrary.org/library/murray-bookchin-the-meaning-of-confederalism

***** گروپی خۆجێی

https://www.anarchistaction.net/about-us/local-groups

****** ئابووریی ئیکۆلۆجیك و ئیکۆلۆجیکی کۆمەڵایەتیی

http://dwardmac.pitzer.edu/Anarchist_Archives/bookchin/BookchinCW.html